# ئاهەنگی ماڵئاوایی

سەردەم

ژیانی ناو سیستەمە تۆتالیتاریەکان ڕێك و ڕاست بە دۆزەخ دەچێت. ئەگەرچی تواناى زۆری ئەو رژێمانە بۆئەوە بە خەرج دەدرێت تا بە خەڵکی و بە جیهانی دەرەوە بڵێن: (بە هەشت لێرەیە)، بەڵام هەرزوو ئەو دروشم و ئەو لاف و گەزافە درۆزنانە ئاشکرا دەبن و حەقیقەت خۆی بەیان دەکات.

رەنگە لە دەرەوە زۆر باس لەو دۆزەخانە بکرێت و ماجەرا سەیرو سەمەرەکانی لەرێی کتێب و میدیاکانەوە نیشان بدرێت، بەڵام هەرگیز کەس ناتوانێت وەك ئەوانە باس لە جەوهەری ئەو واقیعە تاڵە بکات و بەسەرهاتی ئەو ژینگانە وەکی خۆی و بێ رتوش بگێڕێتەوە، کە خۆیان تێیدا ژیاون و بە ئاگرەکەی داخکراون.

لەدوای دووەم جەنگی جیهانی و دوای ئەوەی گەلانی دنیا، دوو بەڵای گەورەی وەك نازیزم و فاشیزمیان لەکۆڵ بوەوە، بەشێکی ئەوروپا کەوتە بندەستی شۆرەوی و سەروەختێکیش «ستالین» دەستی بە کرملین گەیشت، تەوقێکی ئاسنینی کردە گەردنی گەلانی ئەوروپای خۆرهەڵات.

لێرەوە چەندین نووسەرو ئەدیب و هونەرمەند و ئەکتیڤستی سیاسی، دەکەونە بەر خوردو شکاندنی ئەو بێدەنگییەی سانسۆرو دەزگا نهێنییەکانی «هۆنیکەر» و «چاوچیسکۆ» و دەسەڵاتدارە دیسپۆتیزمەکانی دیکە دروستیان کردبوو. لەم سەرو بەندەدا ئێمە بە دەنگی نارازی «ئەلیکسەندەر سۆلژێنستن» و «ئەندرێ تاراکۆفسکی» و «بۆریس باسترناك» و «ڤاسلاڤ هاڤل» و «جۆزیف برۆدسکی» و «میلان کۆندێرا» ئاشنا دەبین.

ئەم کتێبە کە رۆمانێکە بەناوی (ئاهەنگی ماڵئاوایی)، یەکێك لەو دەنگە نارازیانەی وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیای جاران «میلان کۆندێرا» ساڵی ١٩٧٢ نووسیویەتی. «کۆندێرا» خاوەنی چەندین رۆمانی ترە، وەك: (ژیان لە شوێنێکی ترە، پێکەنین و بیرچوونەوە، جەهل و .....هتد).

ئەگەر لەم رۆمانانەدا باسی دەورانی «ستالین» و بەهاری پراگ و داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیای کردبێت لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتی جارانەوە، ئەوا لەم رۆمانەیدا (ئاهەنگی ماڵئاوایی)، باس لە سستمێکی سیاسی دیاریکراو ناکات، ئەوەندەی دەست لەسەر تراژیدیا ئینسانیەکان دادەنێت.

ئەم رۆمانە بە خۆشترین و سەرنج راکێشترین کارە ئەدەبیەکانی «کۆندێرا» دادەنرێت، چونکە ئەو توانیویەتی بەشێوەیەکی سوك و ئاسان، بە زمانێکی سادەو شەفاف، باس لە بابەتە هەرە گرنگەکان بکات.

ئەم رۆمانە پێمان دەڵێت سستمی تۆتالیتار و مەرگ دۆست و داخراو، بەردەوام مرۆڤی دەرون نەخۆش و شەڕانگێزو ترسناك بەرهەم دێنێت.